

# ئەو چرکەساتەی پێشتر ئاماژەم پێ دا

**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

-هێی نایتینگێل، هاڤ یوو گێتە مان؟

- یەس.

- هاو لەکی هی ئز.

کۆنە بورکانێکی دامرکاو خرۆشا، بیر و هۆش تەرتە وەرتە بوو، ئاورێک لەو دەمەتەقێ سەرپێییە یەخەی گرتم، جحێڵێکی ڕەشپێست دەستی چەپی لەبەر پشتێنە بەرینەکەیدا حەشار دابوو، کچێکی جەمسەر ڕەنگی هەتا بڵێی شۆخوشەنگ و لەڕادەبەدەر ناسک و نازداری بەگیر هێنابوو، بەڵام گوتوبێژەکەی نەبووە هەوێنی هیچ شتێک، هەروا بە دەڵەمەیی مایەوە و ئاراستەی جودا درزی خستە بەینیانەوە.

نایتینگێل، نایتین گێل، نای تین گێل..

بە پێچەوانەی هەڵوێستگەلێکی هاوشێوەی ئا ئەمە، فەرهەنگۆکەکەی ناو کەللەی سەرم ئۆتۆماتیکییانە، یان بە زاراوەیەکی ئینتەرنێتییانە بیڵێم"گووگڵییانە"وشەی"نایتینگێل"ی وەرگێڕایە سەر وشە و مانا خۆماڵییانەکەی:

بولبوول..بووولبووول...

ئیتر یاد کەوتە سڕینەوەی مەودایەکی زەمەنییانەی دوورودرێژ و لەو بەرەبەیانییەی ساڵی هەشتاوشەشی سەدەی بیستەمدا بەهەڵەداوان بەخەبەر هاتم کە بولبولم لە گەرماوەکەدا بە جۆلانەکردوویی بە بۆڕی دووشەکەدا بەدی کرد.

ئەو سەرلەبەیانییە، لەبەر ئەو درۆیەی کە دامهێنا، قەتاوقەت لە ئەندێشەم کاڵ نابێتەوە.

لە گەرماوەکەدا، بێ ئەوەی سەرەبڕی بکەم، بە مەحمووە خێلم وت:

-خانەقینیی من جەنابەتم.

ئەگەرچیش من ئەوەندە بە تەنگ خۆشووشتنی پاش لەشپیسیی نەدەهاتم و دەتوانم بڵێم تەنانەت تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، هیچ بە هەندم وەرنەگرتووە و بیریشی لێ ناکەمەوە، کەچی نازانی ئەو بەیانییە بۆ ئەو درۆیەم هەڵبەست. ساڵێک پتر بوو لە ئۆردووگای"کەرەج"ی ئێران پەناهەندە بووم، هەموو شەوێک لانی کەم دەستپەڕێکم دەکرد و بۆ بەیانییەکەی بە فاخیر هەولێری، یان عامر کۆپرلیم دەگوت: ئەمشەو بە تۆوە جەنابەت بوومە...ئەوانیش، پێم وابێ لەبەرئەوەی بە گەورەترین هاوڕەگەزبازیان لەقەڵەم دەدام، جووت جووت پلیکانەکانیان بەدوای بازەکانیاندا بەجێ دەهێشت و دەبوونە تۆز، نەبا دەمودەست ئا لەوێ دۆخینی لێ بکەمەوە و..

خانەقینیی، تەوسئامێزانە بە نیگا لاسەنگەکانی کێشانەیان کردم و بزەیەکی پڕ مانا سیما ڕەقەڵەکەیان زیوڕێژ کرد. ئیدی من بە قەرەباڵغییەکەدا ڕێی خۆم کردەوە و بەرەو ژوورۆچکەکەی ئەوپەڕ ڕۆیشتم، هێشتا قورسایی لاشە ڕیوەڵە نیمچە درێژەکەی وەک ژێیەکی قرتاو بە دووشەکەوە دەلەرییەوە و ئاوەکەیش شۆڕەشۆڕ بەسەریدا دادەچۆڕایە خوارەوە، بینیم، بەڵام هیچ حەپەسانێکم نایەتەوە بیر، چونکە ئێمە لە جەنگ و ئەو نیشتیمانەیش هەڵاتبووین کە جگە لە مردن، هیچ شتێکی تری بۆ ئێمە تێدانەبوو، کەچی لەگەڵ خۆماندا ئەو جەنگ و نیشتیمانەشمان هێنابووە ئۆردووگا و پەیتا پەیتا بە دەستی خۆمان درەوی دەکردین، بینیم، هیچ حەپەسانێکم نایەتەوە بیر، چونکە بەهای ئێمە لەمێژ بوو ون بووبوو، بەهای ئێمە ئەو مردنە دەیکڕییەوە، ئەو مردنە!

بینیم، لەبەرئەوەی ئەندازەی دەرگاکانی گەرماوەکان تا سەر سنگ بوو، ئاودامان نەبوو تاوەکو دیار نەبێت، بێ سێ و دوو یەکەم جار چاوەکانی من بینییان، وەکو ئەوەی سەیری شتێکی زۆر ئاسایی بکەم، هیچ نەشڵەژام، تەنانەت تۆزقاڵێکیش نەتاسام، بەڵام ئەوەی کە دووچاری سەرسامی کردم، هەر تەنها یەک شت بوو، ئەویش چۆن بەبێ ئەوەی شتێک لە ژێر پێیدا بێت و تەکانی بدات تاکو مۆڵەق بێت، ئاوا خۆی بە بەنەخوێنی شەرواڵەکەی ڕایەڵ کردبوو و کۆتایی بە دنیایەک هێنابوو کە بێ ئەو تەنها و تەنها لە مەینەتی و ترس و بیم و پەژارە بەولاوە شتێکی دیکەی شک نەدەبرد و لە کەسانێکیش بەولاوەی تێدا نەبوو کە خولیایان لە ڕابواردن و پێنانە سەر کلکی ئەوانی تر بترازێ هیچی تر نییە.

نایتین گێل..نایتین گێل..

ئێستا ئیدی هەموو شتەکان لە سۆنگەی ئەو وشەیەوە بە بۆڵدیی لە سەر شاشەی یادەوەریم دەرکەوتنەوە، زۆرجار واژە، یان دەستەواژەیەک دەبێتە کۆڵەووژی ئەو تەنووری ڕابوردووەی کە دەستەمۆ و دامرکاوە و بە قرچە قرچی دەهێنێتەوە، دۆزەخییانە بەگەڕی دەخاتەوە و بە شێوەیەک دەیورووژێنێت وەک بڵێی گڕوکڵپە هێرش دەبات و زەمەنێکی درێژخایەن گەمارۆم دەدات.

ئیتر ناگەهان، وەکو پەلکەزێڕینەی پاش باران، بولبول، لە دەممەوە دەردەپەڕن و زریزە دەبەستن، ئاخر کێ لەو باوەڕەدایە ئەگەر بڵێم ئەو چرکەساتە، چرکەسات؟! بەڵێ ئەو چرکەساتەی سی و دوو ساڵ لەمەوبەر نمایندەی ژیانێکی تەواو بوو، ئە ئاوا قەفەسەکانی نەست تەفروتوونا بکات و ئاسۆی یادم بکات بە تەنافێک، یان چڵەدارێک و بولبول لەسەریدا هەڵبنیشێ؟

بولبول، بولبول، بول بول، بول بول...

کە بەلای وێستگەکەی "مانەرهاوس"ی باکووری لەندەندا بە پیاسە، سەڵڵانە دەڕۆیشتم و دەمویست لە چواڕڕییانەکەیدا بپەڕمەوە ئەوبەر، کە ڕێک بەرانبەر بە دەروازە زەبەللاحەکەی باکووری پارکەکەی فینزبری بوو، زارم توونێلێک بوو، وشەکە وەک شەمەنەفەرێکی تیژڕەو بەجێیی هێشت.. کەسێک لە دەستەڕاستی دەروازەکەدا وەکو"نایجڵ کەنەدی"بە کەمانچەیەکەوە خۆی تێکدابوو، بەڵام ئەم پێچەوانەی"نایجڵ کەنەدی" "ڤیڤالدی" زیندوو نەدەکردەوە و قووڵتر لە گۆڕی دەنا، کیفی کەمانچەکەشی کردبوو بە گیرفان و لە چاوەڕوانیی گاوگەردوونێکی سەخیدا لە سەر شۆستەکە پاڵی خستبوو، بەڵام کەس تێبینی نەدەکرد و نۆتەکانیشی ئاوڕی پیادەڕێکانیان ڕاونەدەکرد، ئەمەشم بەوەدا بۆ دەرکەوت کە خەڵکەکە هەر یەکە و لەناو قۆزاخەکانی خۆیاندا قەتیسی ئەو ماراتۆنە بێ سەروبەر و بێ ڕادە خێرایەی ژیانی ئێرە بووبوون کە وەک لافاوێک دەیان ساڵ بوو منیشی لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵی. شایلۆغانی ترافیکەکە ئەوەندە بە سەروسەدا و ژاوەژاو و وڕەوڕ بوو، چەند جارێکی تر بە دەنگی بەرز هاوارم کرد: بوول بوول، بووول بووول..بول بول.. بو..ل

بو..ل...

هاوارم کرد و هاوارم کرد، بەڵام هەر خۆم سەداکەیم لەو ڕابوردووەدا قۆزتەوە کە هەم دۆزەخ و هەم بەهەشتیشم بوو، چونکە لێرە، لێرە تارادەیەکی زۆر کەس گوێی لە دەنگی کەس نابێت و هاوارەکانیش لە هەوادا دەتاسێن، یان دەگەڕێنەوە بێ ئەو تاکدنیایەی کە لێوەی سەریان کردووە.

نایتین گ.. بول بول..

ژنێکی کەم تەمەن لەولاوە بەرەو ڕووم دەهات، ساتەوەختێک بیرم چوو چاویلکەم لە چاودایە، بە تەما بووم چاوەکانم هەڵگلۆفم، بێ ئەوەی باشتر دیقەتی بدەم، لەپم هەڵبڕی، لێنزێکی چاویلکەکەی گرتە باوەش و تەڵخی کرد، دەستوبرد بە کراسە میلمیلاوییەکەم سڕیم و لەودیوییەوە چاوەکانم لە بۆسە نا، نیگاکانم بەرزاییەکان و کەوانەکان و هەموو شتەکانی دیبیان پێکا، ئارەزووم وەک پۆلووی باوەشێن کراو گیانی بەبەرداهاتەوە، سەرێکی بچکۆلانەی قنجی هەبوو، تابلێی جوانپۆش، هونەرمەندانە ڕەنگی جلەکانی خۆی هەڵبژاردبوو و هارمۆنییەکی بێ پایانیشی لە نابەینیاندا هێنابووە دی، بەڕاستەوخۆیەکی بارانئامێزانە تێم ڕوانی، نیگایەکی تا ئەوپەڕی نامۆ و ڕمۆکی تێگرتم، نیگایەک، دەق بە جووڵانەوەی بێ لێبڕی فلچەی جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێل دەچوو، زوو بە زوو نیگای چاوەکانی بەلای مندا وەرسووڕاند و یەکسەر وەریگێڕایەوە و بڕییە بەردەمی خۆی و وەک بڵێی لە نیگا دڕندەکانم هەڵات، بۆ دەمێکی کورتخایەن بەرامەیەکی دانسقەی ئەوتۆی لە دەوراندەورمدا بەجێهێشت، هەر بە بەرامەی ئەو پایپانە دەچوو کە وەکو بیستوومە تووتنەکەیان حەشیشەی ئاوێتەیە، چەند پشوویەکی ناوازەم لەو بەرامە نایابە هەڵکێشا و بە دەروازەی پارکەکەدا ڕۆچوومە ژوورەوە، بایەکی سەیر وەک منداڵە لاسارەکانی گەڕەکە دێرینەکەمان خۆی بە لقوپۆپی درەختەکانەوە هەڵدەواسی و بێزاریی دەورووژاند، چڵەکان وەک قژی مێردمنداڵە چڵکنەکان ئاڵۆسکابوون، پەیم بە زات و جورئەتێکی جیاواز برد، بەڵام هۆکاری ئەم زات و جورئەتەم لەلادا ئاشکرا نەبوو، چەند کەڕەتێکی دی وشەکە وەک وردوخاشبوونی شووشە هارەی کرد و چووە نێو قاڵبی ئەو دەنگدانەوەیەوە کە هەر بۆ خۆم دەگەڕایەوە و وای لێ دەکردم دان بە بۆش و بەتاڵیی خۆمدا بنێم..

بولبوول.. بولبووووول.. بولبووووول..

ئەم هاوارە وای لێ کردم ئەو چرکەساتەی پێشتر ئاماژەم پێ دا، ئەو چرکەساتەی ژیانێک بەبەریدا بڕابوو، سەرلەنوێ دابهێنمەوە کە نە ئەوسای بەر لە سێ دەیە ساڵ زیاتر و نە ئێستایش پێم وانەبوو ڕۆژێک ئاوەها بەربینم بگرێت و حەپەسان و تاس بردنەوەیەکی لەڕادەبەدەر بکاتە خەرمانەی دەوروبەری وشەکانم و دواجار لەسەر کاغەز بیاندرەوشێنێتەوە.

بول بول..سووره..حەوبرا..وەکو وردە ئاسن لە دەوری ئەو کوڕە سوورفلەی کە لە ئۆردووگای"کەرەج"ناسیم خڕ بوونەوە، وەک بڵێی موگناتیس بێت و ناتۆرەکان لە خۆی کۆ بکاتەوە، ڕاستییەکەش کارەکتەری بولبول ڕێک کاڵا بوو بە باڵای بڕا بوو، دەتوانم بڵێم زۆریش لەو دەوەشایەوە، چونکە دیقەتم دابوو جووڵانەوەی، چۆن بولبول لەسەر چڵەوە دەلەنگییەوە و گەردنی بەرز دەکردەوە و تاوناتاو پۆزی لێ دەدا، ئە ئاوا هاتبووە بەرچاوم و نەدەسڕایەوە، بۆیە لە ناو و ناتۆرەکانی دیکە زیاتر ئەوی بە یادم دەهێنایەوە.

سەرەتا..

کەس ئاشنای ئەم ناتۆرانە نەبوو، من لەمەدا، بە تایبەتی مەبەستم چوختییەکانی ئۆردووگایە، چونکە تا چەند مانگێکیش، ناو و ناتۆرە لە ئارادا نەبوو، هەموو شتێک ئارام و بێسەروسەدا دەگوزەرا، ئەوەیش ئەو کاتە بوو کە هێشتا سپێدان نەدەچووە حەوشە و باخچە مامناوەندییەکەی ئۆردووگا تاوەکو بیکات بە فیکەفیک و کێبەرکێ لەگەڵ بولبولی سەردارەکان بکات، وەلێ دواتر کە بوو بە مەراق و خولیا، ئیدی هێواش هێواش پەی پێ برا، چوختییەکانیش، ئیدی لە هەر کوێیەک بیانبینییایە، سەرەتا بە چرپە، ڕوویان بە لایەکی دیدا وەردەگێڕا بۆ ئەوەی نەیانبینێ، دەیانوت: بولبول.. بولبول.. بولبول.. پاشان، کە زانییان دەستەمۆ بووە، ئیتر دەنگیان دلێر و دلێرتر هەڵدەگەڕا، دوای ئەوە چرپەکان بوون بە هاوار و ئەویش لە تووڕەییان پشکۆئاسا سوور سوور دەگەشایەوە، چەند ساتەوەختێکیش دەبووە جنێوفرۆشێکی بەهرەمەند و ئەوجا تێی دەتەقاند و وەکو شێتێک لە غاری دەدا و خۆی بە نابەینی دارە چڕەکانی نزیک پەرژینە تەلدڕاوییەکەدا دەکرد، ئەمە بەردەوام بوو، هەتا مەتەڵی ڕاکردنی لە شارۆچکەکەیەوە ئاشکرا بوو، گەنجێکی هاوشاریی سوورە، دوانیوەڕۆیەک گەیشتە

ناو ئۆردووگا و هەر کە چاوی پێی کەوت وتی: حەوبرا کون بە کون بەدواتدا دەگەڕێن..

ئیتر تۆوی سەربردەیەکی ئاسایی لە زاری چوختییەکاندا وەشێنرا و هەموو دەوروبەر پێی زانی کە کچێکی تاقانەی حەوت براداری خۆش ویستووە و کە پێیان زانیوە، سوێندییان بە نیشتیمان خواردووە کە ئەتکی بکەن، ئەویش لە ترسا چنگ لە سەر شان قوچاندوویەتی و هێند ڕۆیشتووە و ڕۆیشتووە، بە بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت تخووبەکانی بەجێ هێشتووە و کۆمەڵێک ژووان و یادەوەری و ترس و بیم لە بیریدا بوونەتە شوێنەوار و ئۆردووگایەکیش لەبەر چاویدا بووەتە ڕاستییەکی بەڵگەنەویست..

حەوبرا..حەوبرا..یش بووە ناتۆرەیەکی دیکە و هاتو دەیدا بە ڕوویدا و ڕۆیشتوویش وەکو تف بە دەموچاویاندا دەدا و ئەویش سەرلەنوێ دەچووەوە نێو قۆزاخەی ئەو جنێوبازییەی کە هێشتا کەس نەیبیستبوون، بێ گومان کە ئەمانەیشی دەردەپەڕاند، خۆی گیف گیف دەکردەوە و قەلەموونئاسا سوور سوور هەڵدەگەڕا، ئیتر لەپاڵ بولبول دا، ناتۆرەی تر و هی تریش ڕیزیان بەست، ئەویش پەیتا پەیتا جنێوی دیکەی داهێنا، بەڵام هەموو شتێکی ئەو، هات و هەڵلا و پێکەنینێکی سەیری دەخستەگەڕ..پێکەنین، پێکەنین، جنێو، کفر، ژاوەژاو...بول بول، سوورە، حەوبررا..

ئیتر..ئای ئەم دنیایە چەند پڕاوپڕە لە ئیبییتر..

ئەو ڕۆژەی کە دیتم بێڕادە دەهری بووە، تاقە جارێک بوو ئاوا بیبینم، لە ناو چێشتخانەی ئۆردووگاکەدا بوو کە بەو شێوەیە دیتم، سەرەی شێووەرگرتن گیرابوو، من دەڵێم دووسەد، هەندێک ڕەنگە بڵێن پێنج سەد کەس سەرەیەکی مارپێچی دوورودرێژیان لەناو هێڵە زەبەڵلاحەکەدا خستبووەڕێ و هەر جارەیش لە لایەکی سەرەکەوە دەنگێکی لێوڕێژ بە کەیف و ڕابواردن دەردەپەڕی و ئاسمانی هێڵەکەی قانگ دەدا: بول بول..سوورە.. حەوبرا..ئەویش لە ناوەڕاستی هێڵەکەدا شێتگیرانە سنگی دەرپەڕاندبوو، سەری بەرز کردبووەوە و هەر بە ڕاستی دەتگوت بولبولێکی دارخورمایە و لە ئاوێنەیەکی خڕدا تەماشای خۆی دەکات، بە ڕاست و چەپ لێشاوی جنێوەکانی بەرهەڵدا دەکرد، سەرەتا وامزانی ئەو جنێوانەی تەنها بە ئێمە دەدات، بەڵام نەختێک دواتر، ڕەهەندی نائاشکرای جنێوەکانیم بۆ ڕوون بووەوە و بۆم دەرکەوت بە ژیانیشیان دەدات، ئەو ژیانەی...کە مرۆڤ لە پێناویدا شتێک هەڵدەبژێرێت بێ ئەوەی دواجار لەو هەڵبژاردەیەی خۆی هەڵبێ و...

ڕۆژی دواتریش ئەو بەیانییە زووە بوو، ئەو بەیانییەی بە دووشەکەوە بینیم کۆتایی بەو چرکەساتە هێنابوو کە پێشتر ئاماژەم پێ دا.

تەماشایەکی دەوروبەرم کرد، کەس سەرنجی کەسی ڕانەدەکێشا، دەبوایە ڕابکەیت تاکو ماراتۆنی بەلەزی ژیان بەجێت نەهێڵێ، بایەکە هێشتا هەر لە سەرشێتی و چەمووشییەکەی خۆی نەکەوتبوو، لە دەروازەی خوارووی پارکەکەوە دەرپەڕیمە دەرەوە و ڕووم بە ڕووی وڕەوڕی پاسە سوورە دوونهۆمییەکان و ژاوەژاوی ترافیکە قورسەکە تەقییەوە کە تا بڵێی گوڕ و تینی زیاتری سەند بوو، بۆ ساتەوەختێک تێکەڵ بەو ڕابوردووە سەرزیندەیە بوومەوە و چەندان جار ناتۆرەکانی سوورەم بە دەنگی بەرز دووبارە کردەوە و ئاوێتەی ئەو هاتوهەڵڵایەم کرد کە لە هەموو شتێکمان دادەبڕێ و تاقوتەنیا دەمانکات بە لەیستۆکێکی ناچیزی ناو دەستە چوختییەکانی ژیان، چۆن بوو، نازانم، پێیەکانم بەرەو بارەکەی"زە توێڵف پینز"، کە ڕێک بەرانبەر جادەکەی"بلاک ستێک ڕۆد"ە، منیان خل کردەوە و تێیدا داوای بوتڵێک"ستێلا"م کرد. یەکەوڕاست، ئەو پەرداخەم پشتگوێ خست کە کچە قەڵەوەکە لەسەر کاونتەرەکەدا بۆی دانام و بینم بە لوولەکەیەوە نا، هەستم کرد دەموچاوم گەرم داهات، ئەگەر ئاوێنەیەک لە بەردەممدا بوایە سووربوونەوەیم دەدیت، سووربوونەوەیم دەدیت و دەبوومە خاوەن ناتۆرەیەک و دەستم دەکرد بە کێبەرکێ کردنی بولبول و بەردەوام دەبووم لە خوێندن و فیکەلێدان، بەڵام هەستێکی تریش یاوەریی ئەم هەستەی دەکرد، هەستی ئەوەی دەمم نابێ بە گۆی مەمکی ئەو تاقانە حەوتبرادارەی بە تەنیشتمدا ڕابورد و بۆنوبەرامە نایابەکەی ئەو حەز و ئەڵها پەپکەخواردووە دێرزەمانەی ناخمی بە شێوەیەک تەیار کردەوە کە کاڵبوونەوەی مەحاڵە مەحاڵ...

**مایسی ٢٠١٧: لەندەن**